پێم بڵێ ئەگەر نوێژە فەرزەکان ئەنجام بدەم، ومانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بم، ئەوەی (لە شەریعەتدا) حەڵاڵە؛ منیش بە حەڵاڵی دابنێم، وئەوەی (لە شەریعەتدا) حەرامە؛ منیش بە حەرامی دابنێم

لە ئەبی عبد اللە جابر کوڕی عبد اللە ی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: پێم بڵێ ئەگەر نوێژە فەرزەکان ئەنجام بدەم، ومانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بم، ئەوەی (لە شەریعەتدا) حەڵاڵە؛ منیش بە حەڵاڵی دابنێم، وئەوەی (لە شەریعەتدا) حەرامە؛ منیش بە حەرامی دابنێم، وهیچ شتێک بۆ ئەمانە زیاد نەکەم، ئایا دەچمە بەهەشتەوە؟ سەروەرمان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بەڵێ».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی دەکاتەوە ئەو کەسەی پێنج نوێژە فەرزەکە دەکات وهیچ نوێژێکی تر ناکات لە نوێژە سونەتەکان، ومانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو دەبێت وڕۆژووی سونەت ناگرێت، وباوەڕی وابێت حەڵاڵکراوەکان حەڵاڵن وکردەوەیان پێبکات، وباوەڕی وابێت حەرامکراوەکان حەرامن وخۆی لێبان بەدوور بگرێت، ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66525

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee